# ئاسایشی زاخۆ دەستگیرکردنی ئیسلام کەشانی گەڕاندەوە گوایە پەیوەندی لەگەڵ پەکەکە هەیە

بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی زاخۆ لە راگەیەندراوێکدا ڕایگەیاند، "بەڕێوەبەری نوسینگەی کەناڵی سپێدە و ڕۆژنامەنووس لە کەناڵی خابیر لە زاخۆ، ئیسلام کەشانی لەلایەن هێزێکی ئاسایشی زاخۆوە بە تۆمەتی بوونی پەیوەندی لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان"(پەکەکە) دەستگیرکراوە و لەئێستادا لەژێر لێکۆڵینەوەدایە"، بەڵام ئەو یاسایەی ئیسلام کەشانی پێ دەستگیرکراوە تایبەتە بە دەرماڵەی منداڵبوون و دایکایەتی، ئەمەش بەپێی ڕاگەیەندراوێکی ئاسایشی زاخۆ.

ئەوەشیان خستەڕوو، "دەستگیرکردنی ئیسلام کەشانی لەسەر بڕیاری دادوەری لێکۆڵینەوەی زاخۆ بووە و هەموو بەڵگەیەکی پێویست لەسەر تۆمەتباری دەستگیرکراو بەردەستە".

ئەمەش لەدوای ئەوەی رۆژی پێنجشەممەی رابردوو (2023/8/24)، ئاسایشی زاخۆ بەبێ بڕیاری دادوەر ڕۆژنامەنووس ئیسلام کەشانیان ڕفاند دواتر هەڵیان کوتایە سەر ماڵەکەی.